# بەڵگەنامەی پەسەندکراو بۆ پرۆسەی تۆمارو دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی ساڵی 2014 کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیۆنی بەڕێز پەسەندکراو:

1. پشتبەستن بە دوو بەڵگەنامەی فەرمی بەمەرجێ یەکێکیان بەڵگەنامەی فەرمی عێراقی بێت کە ئەوە دەسەلمێنێ کەسی دەنگدەر بۆ تۆمارو دەنگدان "شیاوە"و عێراقییە.
2. "شیاوی" واتە مەرجە بەڵگەنامەی کەسێتی پێشکەش بکرێ کە تیایدا دەنگدەر عێراقیێتی خۆی دەسەلمێنێو 18 ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ لەو ساڵەی هەڵبژاردنەکانی تیا دەکرێو هەروەها دیاریکردنی پەیوەندی بەو پارێزگایەی کە بەتەمایە دەنگ بۆ کاندیدەکەی بدات.
3. هاوڵاتی بە عێراقی دەژمێردرێت بەپێی یاسای باری شارستانی عێراقی ژمارە (26)ی ساڵی 2006 ماددەی (3) بڕگەی (آ) (هەرکەسێ لە دایک یان باوکێکی عێراقی بووبێت بە عێراقی هەژماردەکرێت) لەسەر ئەو بنەمایە، مافی هاوڵاتییە کاتێک بەڵگەنامەی عێراقیێتی دایکو باوکی یان یەکێکیان دەسەلمێنێ، مافی تۆمارو دەنگدانی هەیە، لەم بارەدا لایەنی کەم دەبێ بەڵگەنامەیەکی عێراقی پێشکەش بکات کە ئەوە بسەلمێنێ ئەوانە باوکو دایکین و عێراقیین.
4. ئەو عێراقییانەی کە بەڵگەنامەی فەرمی عێراقییان نییە، دەتوانن بەڵگەنامەیەکی بیانی پێشکەش بکەن بەمەرجێ بەڵگەنامەیەکی عێراقی دایکو باوکی لەگەڵدا بێت.
5. پشت بەستن بەم بەڵگەنامانە:

- **بەڵگەنامەی عێراقی سەرەکی:**
  - پەساپۆرتی عێراقی کارپێکراو.
  - ناسنامەی باری شارستانی.
  - ڕەگەزنامەی عێراقی.
  - ناسنامەی ساڵی 1957 (دەفتەر نفووس) بەمەرجێ وێنەی ئەو کەسەی تێدا بێت.
  - صورە قەیدی دەرچووی فەرمانگەی باری شارستانی بەوێنەوە.
  - مۆڵەتنامەی شۆفێری نوێ.

- **بەڵگەنامەی عێراقی پشتگیر:**
  - کارتی ئەلەکترۆنی دەنگدەر.
  - کارتی خۆراک (البطاقة التموينية).
  - کارتی نیشتەجێبوون (بەبەڵگەنامەی سەرەکی هەژماردەکرێ بۆ تەنها خاوەن خێزان).


مكتب ادارة انتخابات الخارج
Germany Elections Office
مكتب انتخابات المانيا
نوسینگەی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا
OCV
2014


- **بەڵگەنامەی بیانی:**
  - کارتی پەنابەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR).
  - بەڵگەنامەی خاچی سوور یان مانگی سووری نێودەوڵەتی.
  - مۆڵەتنامەی شۆفێری وڵاتی نیشتەجێبوون.
  - ناسنامەی نیشتەجێبوونی ئەو وڵاتە.
  - پەساپۆرتی وڵاتی نیشتەجێبوون.
  - بەڵگەنامەی لەدایکبوون کەلە باڵیۆزخانەی عێراقی وڵاتی نیشتەجێبوون لەگەڵ بەڵگەنامەی پشتگیر.
  - بەڵگەی دەرچوون لە دانشگای بیانی بەمەرجێ باوەڕپێکراوبێت لەوەزارەتی دەرەوە.
  - بەڵگەنامەی پەنابەرێتی نیشتمانی بۆ عێراقییانی دەرەوە (لە وڵاتی نیشتەجێبوون دەرچووبێت).

تێبینی: دەکرێ پشت بە ناسنامەی باری شارستانی بکرێت بۆ سەلماندنی نیشتەجێبوون بەهۆی جێی فەرمانگەی باری شارستانی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی کە باری شارستانی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو هاوڵاتییە لەو پارێزگایە نیشتەجێیە کە ئەو فەرمانگەیەی تێدایەو پشت بەجێی لەدایکبوونی نوسراو لەبەڵگەنامەکەدا نابەسترێت وەک پارێزگای نیشتەجێبوون، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر لە دەنگدەران لە پارێزگایەک لەدایک بوونو لە پارێزگای تر نیشتەجێن.